# نەخشەی سیاسی هێزە بەشدارەکانی هەڵبژاردن

05-09-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** بەگەڕانەوەی موقتەدا سەدر بۆناو کێبڕکێی هەڵبژاردن، بەربەستی گەورەی بەردەم پرۆسەکە هەڵگیرا و ئامادەکارییەکانی کەوتنەوە سەرپێ، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە هەڵبژاردنەکە ئامانجی خۆی دەپێکێت. لەکاتێکدا یەکەمجارە لە مێژووی کۆماری 2003 دا،

یاسین تەها|

بەگەڕانەوەی موقتەدا سەدر بۆناو کێبڕکێی هەڵبژاردن، بەربەستی گەورەی بەردەم پرۆسەکە هەڵگیرا و ئامادەکارییەکانی کەوتنەوە سەرپێ، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە هەڵبژاردنەکە ئامانجی خۆی دەپێکێت. لەکاتێکدا یەکەمجارە لە مێژووی کۆماری 2003 دا، بەر لەوادەی دیاریکراوی خۆی بەڕێوەبچێت. ئامانج لەم هەڵبژاردنە 83 بازنەییە، دەرچوون بوو لەتەنگەژە و قەیرانە قووڵەکانی دەمی خۆپیشاندانی تشرینی 2019، ئەوکاتەش سەدرییەکان و خۆپیشاندەران لەیەك سەنگەردابوون و لە گۆڕەپانەکانی مانگرتن و خۆپیشاندان دراوسێ و تەواوکەری یەکتر بوون. بەڵام پەرەسەندنی ڕووداوەکان و دواخستنی هەڵبژاردنەکە بۆ ماوەی دوو ساڵ، بەشێکی بەرچاوی هێزە خۆپیشاندەرەکانی خستە سەر ڕێگای دژایەتی سەدر و بایکۆتکردنی یەکجارییانەی هەڵبژاردنەکە.

ئەوانەی لە پرۆسەکە بێهیوان چ خۆپیشاندەران بن، یان هەندێ لە هێزە کلاسیکییەکانی وەك حیزبی شیوعی و بەرەکەی ئەیاد عەلاوی و موتڵەگ، باس لەوە دەکەن کە هێزە دەسەڵاتدارەکانی عێراق، سەرکەوتووبوون لە ساردکردنەوەی جۆش و خرۆشی خۆپیشاندەرانی 2019، بەکەڵك وەرگرتنیش لە بارودۆخی کۆرۆنا و درێژەکێشانی کێشمەکێش لەسەر یاسای هەڵبژاردن، پرۆسەکەیان دوو ساڵ دواخست بۆ ئەوەی لەلایەك بتوانن جارێکیتر لەم وێستگەیەشدا خۆیان بەرهەم بهێننەوە و، لەلایەکیتریش کار لەسەر پەرتکردن و هەڵوەشاندنەوەی هێزە مەدەنییە نوێیە ناڕازییەکان بکەن. ئەگەرچی لەم هەڵبژاردنەدا هەندێك ڕێوشوێن لەسەر خواستی خۆپیشاندەران بوو، لەوانەش فرە بازنەیی (83 بازنە) و ڕێگەدان بە کاندیدی سەربەخۆ، بەڵام لەدۆسیەی بەکارهێنانی چەك و پارە و ئاینزا و کاریگەریی دەسەڵات بۆ بردنەوە، هەر عەینی تاس و حەمامی جارانە و هێشتا ئەو هێزانەی لە جومگەکان و لە قوڵایی دەوڵەتدان، دەتوانن دەنگی بازنەکان و ئەنجامەکانی بەلای خۆیاندا لارەسەنگ بکەن، ئەمەش باوەڕێکی وەهای دروستکردووە کە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە جیاتی وێستگەیەکی گۆڕانکاری ریشەیی، هۆکارێکی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بێت بەسەر ئەو کۆمەڵە هێزەی کە ئێستا جڵەوی حوکمڕانییان بەدەستەوەیە.

**هێزە نوێیە بەشدارەکان**

لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی 10ی ئۆکتۆبەری داهاتوودا، 60 حیزب یەکەمجارە بەشداری بکەن، بەڵام لەوانەیان کە دیارن و دەرکەوتوون 8 یان هەر هی وەزیر و پاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتی وەزیرانن کە ساڵانێکی زۆر لە دەسەڵاتدا بوون، 6 حیزبی دیکەش، لەوانەش سەر بە کەسایەتییەکانی دەستەی حەشدی شەعبین کە دامەزراوەیەکی ئەمنی شیعی فەرمییە، تەنها حەوت حیزبیش بە ڕوونی هەڵگری ناوی چاکسازی و گۆڕانکارین. لە ئاپۆڕای خۆپیشاندەرانی تشرینیش (2019) کە کاروانێکی درێژ قوربانی دا، تەنها سێ لیست و حیزبی نوێی تشرینی بەشدارییەکی کارایان کردووە (حركة نازل آخذ حقي، حركة امتداد، تجمع تشرين الوطني)، بەڵام ئەوانیش هەریەك چەند ژمارەیەکی کەم پاڵێوراویان هەیە بە تاك و کۆ چاوەڕوانیی ئەوەیان نییە ژمارەیەکی بەرچاوی کورسی، لە 329 کورسییەکەی پەرلەمانی داهاتوو بەدەست بهێنن.

**کێبڕکێی ناوخۆییەکانی شیعە**

لەپاش هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانێتییە گەورەکانی شیعە و لە سەردەمی دابەشبوونی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراقدا (شیعە، سوننە، کورد)، سێ ڕەوتی سەرەکی کێبڕکێی لەسەر نوێنەرایەتی زۆرینەی عێراق دەکەن کە پێکهاتەی شیعەیە و 180 کورسی لەبازنە و ناوچەکانی هەیە. ئەم هێزانە بریتین لە راگرە سیاسییەکانی حەشدی شەعبی (هاوپەیمانی فەتح و دەوڵەتی یاسای مالیکی) ئەگەرچی بەجیا بەشدارن بەڵام، دواتر دەبنەوە بە هاوپەیمان. لەبەرامبەر ئەمانیشدا ڕکابەری بەهێز، موقتەدا سەدر و کوتلەکەیەتی کە خەونی سەرۆکایەتی وەزیران و دەستپێکردنی قۆناخی سەدری هەیە لە حوکمڕانی عێراق و لەگەڵ گروپە چەکدارەکانی ناو فەتح و لەگەڵ نوری مالکییش لە ڕکابەری و کێشمەکێشی قووڵدایە. لەنێوان ئەم دوو بەرەیەشدا هێزە میانڕەو و ناوەڕاستەکانی شیعە هەن (حەکیم و عەبادی) کە بەناچاری پێگەکەیان لە سەدرەوە نزیکترە. بەمدواییانەش لەپەنا ئەماندا پێشهاتێکی نوێ سەریهەڵدا کە بەشداریکردنی هێزە وەلائییەکانی شوێنکەوتەی ئێرانە لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە ژێر ناوی گشتی و خوازراودا، لەم چوارچێوەیەشدا بەگوێرەی لیستە پەسەندکراوەکانی کۆمسیۆن کەتیبەکانی حیزبوڵڵا لەڕێگەی بزوتنەوەی "حقوق" بە 40 کاندید بەشدارە، حسێن موئنیس سەرۆکایەتی ئەم لیستە دەکات، پێشتریش وەك وتەبێژی سەربازی حیزبوڵڵا کاری کردووە و لەژێر ناوی "أبو علي العسكري"، زۆرترین تەشەری زبری لە مستەفا کازمی داوە و هەندێکجاریش سوکایەتی و هەڕەشەی ڕاستەوخۆی ئاراستەی سەرۆك وەزیران و ڕاوێژکار و یاریدەدەرەکانی کردووە. حیزبوڵڵا کە بەدڕترین گروپی چەکداریی سەر بە سپای پاسداران لە عێراق دەدرێتە قەڵەم، جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەوانەی

بەشداری هەڵبژاردن دەکەن دەستیان لەکارکێشاوەتەوە لە ریزەکانی "بەڵام جێگەی رێزن و پاڵپشتیکردنیان ئەرکە". جگە لە ئەم حیزبەش کەتیبەکانی ئیمام عەلی لەژێر ناوی "حركة العراق الوطنية" بە 24 پاڵێوراو بەشداره، ئەگەرچی دروشمەکانی ئەم حیزبەش "ئاشتی و دادپەوەری و پەرەپێدانە"، بەڵام ناوەڕۆکی بەرنامە سیاسییەکەی گوشراوی گوتاری هێزە شوێنکەوتەکانی ئێرانە کە بەرگریکاری و ڕەتکردنەوەی پرۆژەی ئەمەریکا و تۆمەتبارکردنی ڕکابەرەکانە بە پاشکۆیەتی دەرەوە، تەنها وەك میکانزمیش باوەڕی بەدیموکراسی هەیە و دژی بنەمای فیدرالیزمە بۆ عێراق و سیستمی سەرۆکایەتیشی پێ پەسەندە.

لەدەرەوەی ئەم دوو هێزە چەکدارە سەرەکییەش ئەحمەد ئەسەدی سەرۆکایەتی لیستێك دەکات لەکاتێکدا خۆی بەرپرسی یەکەمی کەتیبەکانی "جند الإمام" ـە، کەسێکی تر بەناوی ئەبو عەلی دەراجی سەرۆکایەتی لیستێك دەکات بەناوی "التحدي" کە لیستی لیوای "ابو الفضل العباس" ـەو شەش پاڵێوراوی هەیە، هەندێ وردە لیستی تر هەن لەم چوارچێوەیەدا وەك "ولائيون الإسلامي" بەسەرۆکایەتی عەمار موسەوی بە دوو پاڵێوراوەوە، لە بەسرەش یوسف سەناوی لەرێگەی "حزب ثار الله الإسلامي" بە سێ کاندید بەشدارە.

**هێزە سوننەکان**

دەکرێت بگوترێت لە هەڵبژاردنی 10 ئۆکتۆبەری داهاتوودا، کێبڕکێی گەرم زیاتر لە شەقامی سوننەدایە. وەك ساڵانی رابردوو لەپارێزگاکانی ئەم پێکهاتەیە پەرتەوازەیی بەسەر دیمەنە سیاسییەکەدا زاڵە، بەڵام سێ هاوپەیمانێتی سەرەکی چاویان لەسەر چنینەوەی دەنگەکانە کە ئەوانیش مەحکومن بە دورونزیکی لەگەڵ شیعەکان و هێزە کوردییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری عێراق بەتایبەت قەتەر و تورکیا و وڵاتانی دیکەی کەنداو. محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکایەتی هاوپەیمانێتی "تقدم الوطنى" دەکات کە چەقەکەی پارێزگای ئەنبار و رۆژئاوای عێراقە و چاوی لەسەر پلەی سێیەمە لەدوای شیعەو کورد، ڕکابەری بەهێزی ئەم بەرەیەش هاوپەیمانی "عزم العراق" ی بزنسمان خەمیس خەنجەرە کە تێکەڵەیەکە لە عەرەبە سوننەکانی سەلاحەدین و دیالە و خۆی بە بەهێزترین و بەرفراوانترین هاوپەیمانێتی سوننە دەزانێت لە عێراق. لەپەنا ئەم دوانەشدا بنەماڵەی نوجێفی لە موسڵ هاوپەیمانێتییەکیان هەیە بەناوی "المشروع الوطنی للإنقاذ" کە جگە لەبنکەی جەماوەری پێکهێنەرەکانی لە نەینەوا، لەسەر کارنامە و کەسایەتی ئوسامە نوجێفی و نزیکایەتی تورکیا پشت ئەستوورە. لەدەرەوەی ئەمانەش لیست و پاڵێوراوی ناوچەیی هەن و سەرجەم هێزە سوننەکانیش گیرۆدەی نەبوونی گوتارێکی سیاسی یان داواکارییەکی ڕوونی ئایندەیین بەتایبەت کە جەمسەرگیرییەکانی عێراق زیاتر لە دەوری ناوەندێتی و نا ناوەندێتی لە حوکمڕانی و ئیداری و هێزە مەدەنییەکان و هێزە ئاینییەکان و بەرەی ئێران و بەرەی ئەمەریکادا دەخولێتەوە.